# کۆنگرەی دووەمی ناوەندی چاک: چەند ڕوونکردنەویک

**نیاز کەرکووکی / ئەمریکا**
nyazkirkuki@hotmail.com

ناوەندی چاک لە چەند ساڵی ڕابردوودا وەکو ناوەندی ناسراو لە کوردستان و دەرەوی کوردستان کار ئەکات بۆ ناساندنی جینوسایدی کورد و گەیاندنی تاوانباران بە دادگا ،من لیرەدا نامەوی ئاماژە بکەم بەو کارانەی کە کردویەتی لە رابردودا.
میللەتی کورد کاتی کە کارەساتی چینۆسایدی بەسەر هات کەس نەبوو بێتە وەلام و کەس خۆی نەکردە خاوەنی من لیرە چاوم کەوت بە ئەفسەریکی ئەمریکی کە خانە نشین کراوە کە لە هیزی تایبەت کاری کردوە وتی کاتی کە کیمیا بارانی هەلەبجە کرا من لە عیراق بووم لە ژیر ناویکی کە کارم ئەکرد توانیم بگەمە شۆینی روداوەکە کومەلی وینەم گرد کە تاکو ئیستا بلاو نەکراوتەوە چونکە سیاسەتی ئەمریکا ئەو کاتە وا پیویستی ئەکرد،دووای ڕاپەرینە جەماورییەکی 1991 حوکمەتیکی کوردی ساویلکە دامزرا وکەوتنە هەول دان بۆ کورسی و سامان هەموو ئەو کارەساتانەی کە بەسەر میلەتەکەمان هاتبوون لە یادیان کرد ،کاتی کە ناوەندی چاک درووست بوو یەکیتی و پارتی کەوتنە دژایەتی بێ ئەوەی بزانن کە ناوەندی چاک بۆ چی کار ئەکات تاکۆ ئیستا نەک دەستی یارمەتیان بۆ درێژ نەکردوە بەڵکو هەر دژایەتی ئەکەن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا پرسیارە.
لە ساڵی 1994 جینوسایدی رواندا ڕوی دا کە 800 هەزار کەس تیا چوو 2 ملیون کەس ئاوارە بوون کە بەشیک لەم کارەساتە ئەگریتەوە بوو ئهمالی نەتەوە یەکگرتوەکان کە نەیان توانی دەس بەجی بریاری لەسەر بدەن ،لە ساڵی 1995 جینوسایدی بۆسنیا ڕوی دا کە 8000 هەزار کەس کوژران لە شەری نیوان بۆسنیا و سربیا لە ساڵانی 1992-1995 100 هەزار کەس سڤل کۆژران ،لە ساڵی 2003 جینوسایدی سودان لە دارفور 70 هەزار کەس کۆژران ویەک ملیون کەس ئاوارە بوون.
بەلام جیاوازی ئەم میلەتانە لەگەل میللەتی کورد ئەوەیە کە ئەوان توانیان جینۆسایدی میللەتەکیان لە نەتەوە یەکگرتوەکان پچەسپێنن و لەسەر ئاستی جیهاندا کاریان بوو ئەکری ،بەلام چاک چونکە دەزگاییکی نا حکومیە سەر بە هیچ لایەنێک نی یە لە رووی ئابوریەوە هیچ تواناییکی نی یە زۆربەی کارەکانی لە ئەستوی ئەندامانە لە کیرفانی خۆیان کردویانە بۆیە تاکو ئیستا نەمان توانیوە هەموو ئامانجەکانمان بە دەس بهێنین چونکە کارەکانمان سنورداردەبن ،لە بارەی ئەوی کە کۆمەلیک کەس هەیە کە رەخنە ئەگرن لێمان کە ئیمە خۆمان هەل ئەقوتێنینە ناو کومەلی کار کە پیوەندی نی یە بە جینۆسایدەوەە ئەمەوی ئاماژە بکەم کە کەسانێکی زۆر پیشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەبی بێنە هانای خەڵکی کوردستانەوە هیچ نەبی دەنگی نارەزایی خۆتان بەرز بکەنەوە ئیمەش چونکە بەشێکین لەو میللەتە هەر یەکیک لە ئیمە کۆمەلی کارەساتی بە سەر هاتووە بۆیە هەست بە ئازارەکانیان ئەکیین بەتایبەت کەس و کاری ئەنفال کراوەکان کە تاکو ئیستا هیچیان بوو نەکراوە .هەر وەها ئیمە لە گەل گوران کاریداین بە مەرجی کە رەچاوی هەموو یاساکانی مافی مرۆڤ بکات بۆیە ئەم کونگرەیە کومەلی گورانکاری ئەکات لە ناو ناوەندی چاک بە هیوای ئەوەی بتوانین کاری باشتر بکەین بۆ چوار پارچەکەی کوردستان .

November/26/2007

Dengekan